خراپترین خواردن خواردنی ئەو وەلیمەیەیە کە دەوڵەمەندەکانی بۆ بانگهێشت دەکرێت، و واز لە هەژارەکان دەهێندرێت، وهەرکەسێک وەڵامی داوەتکردنەکە نەداتەوە؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەی کردووە -صلی الله علیه وسلم

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خراپترین خواردن خواردنی ئەو وەلیمەیەیە* کە دەوڵەمەندەکانی بۆ بانگهێشت دەکرێت، و واز لە هەژارەکان دەهێندرێت (داوەت ناکرێن)، وهەرکەسێک داوەتکردنەکە (داوەتکردنی وەلیمەکە) وەڵام نەداتەوە (ئامادە نەبێت)؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەی کردووە -صلی الله علیه وسلم-». *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە بەهۆی هاوسەرگیریەوە ئامادە دەکرێت وخەڵکی داوەت دەکرێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەمە وتەی ئەبی هورەیرەیە -ڕەزای خوای لێبێت-، وهەروەها حوکمی (رفع:بەرزکردنەوە)ی هەیە بۆ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-؛ واتا وەکو ئەوە وایە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەمە وتانەی فەرموو بێت، خراپترین خواردن خواردنی ئەو وەلیمەیەیە* کە تەنها تایبەت دەکرێت بۆ بانگهێشت کردنی دەوڵەمەندەکان وهەژارەکان داوەت ناکرێن، ومەبەست لە بانگهێشت کردنی دەوڵەمەندەکان بۆ ڕیا وناوبانگ وناودەرکردنە، بەهۆی ئەمانەوە بووە خراپترین خواردن وداوەتی کردن، بەڵام ئەگەر داوەت کردنەکە هەردوو کۆمەڵەکە بگرێتەوە؛ ئەوا خراپە وشەڕی ئەم داوەتکردنە نامێنێت، بەڵام بنچینە ئەوەیە کە وەلیمە ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا ئەمیش بۆ سوپاسکردنی خوای گەورەیە لەسەر نیعمەتی هاوسەرگیری، پاشان فەرموودەکە ئاماژە بە ئەوە دەکات کە هەرکەسێک داوەتکردنەکە (داوەتکردنی وەلیمە) وەڵام نەداتەوە وئامادە نەبێت بە بێ هیچ عوزرێک؛ ئەوا سەرپێچی فەرمانی خودا وپێغەمبەرەکەی کردووە -صلی الله علیه وسلم-، چونکە فەرمانکردن بە وەڵامدانەوەی هاتووە وهەروەها ئامادەبوونی ئەم داوەتکردنە گەلێک سوود وبەرژەوەندی تێدایە بۆ مسوڵمانان. *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە بەهۆی هاوسەرگیریەوە ئامادە دەکرێت وخەڵکی داوەت دەکرێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58113